خوای گەورە -عَزَّ وَجَلَّ- دەفەرموێت: نەوەی ئادەم ئازارم دەدات وجوێن بە کات (ڕۆژگار) دەدات لە کاتێکدا من کاتم (ڕۆژگارم)، فەرمان بە دەستی منە؛ شەو وڕۆژ بە دوای یەکدا دەهێنم

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «خوای گەورە -عَزَّ وَجَلَّ- دەفەرموێت: نەوەی ئادەم ئازارم دەدات وجوێن بە کات (ڕۆژگار) دەدات لە کاتێکدا من کاتم (ڕۆژگارم)، فەرمان بە دەستی منە؛ شەو وڕۆژ بە دوای یەکدا دەهێنم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: ئازارم دەدات وبە کەمم دەزانێت ئەو مرۆڤەی جوێن دەدات بە کات وڕەخنەی لێدەگرێت لەکاتی دابەزینی کارەسات وناخۆشیەکاندا؛ چونکە ئەو زاتە -سبحانه وتعالى- تەنها ئەو بەڕێوبەر وڕکێفکاری هەموو ڕووداوێکە، بۆیە جوێندان بە کات وەکو جوێندانە بە الله -عز وجل-، وکات لە ڕاستیدا خولقێنراوێکی ملکەچە، هەموو ڕووداوەکان تێیدا ڕوو دەدەن بە فەرمانی الله -سبحانه وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66284